یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لیژنەی بالای فەتوا

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

**چەند فەتوایەکی تایبەتی لیژنەی فەتوای باڵای کوردوستان سەبارەت بەزەوی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیری**

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ....فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل : ٤٣

سوپاس بۆ خودای جیهانیان،درود و سەڵاو لەسەر ڕێزدارترین پێغەمبەر و لەسەر خانەوادە و یاران شوێنکەوتوکانی بە چاکە تا ڕۆژی قیامەت.

لە بەر ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی لیژنەکەمان و لیژنە فەتواکانی لقەکانمان دەکرێت سەبارەت بەزەوی و زاری چاکسازی کشتوکاڵی لیژنەکەمان بەپێویستی زانی وەڵامی کۆتایی ویەکلاکەرەوە بۆ ئەم بابەت و پرسیارانە بخاتە روو .

بۆ ئەم مەبەستە چەندین دیدارو کۆبونەوەمان لەگەڵ خەڵکی پسپۆڕولایەنەکانی پەیوەندیداربەزەوی کشتوکاڵی ئەنجامدا، لەوانە لەنزیکەوە لە ڕۆژی ١٠/ ٢٠١٧/٣ سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵمان کرد وکۆبووینەوە لەگەڵ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و بەڕیوبەرە گشتیەکان و ڕاوێژکارانی ئەو وەزارەتە، پاشان بە فەرمی چەند پرسیارمان ئاراستەی وەزارەتی ناوبراو کردبە نوسراوی ژمارە ١٣٢ لە بەرواری ٢٠١٧/ ٤/٤ ئەوانیش بەسوپاسەوە وەڵامی پرسیارەکانی لیژنەکەمانیان بەفەرمی بە نوسراوی ژمارە (٣٢٩٢) لە بەرواری ٥/٢٨ /٢٠١٧دایەوە.

بۆیە لەژێر ڕۆشنایی بەڵگە شەرعیەکان و مەبەستەکانی شەریعەت وئەو دەق و فەتوایانەی کە لە زانایانی فیقهی ئیسلامی بەگشتی و مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا بەتایبەتی هاتوون لەم بابەتەدا، هەروەها بەسود وەرگرتن لە زورێك لەبڕگەو ماددەکانیئەو یاساو ڕێسا کار پێکراوانەی کەدژایەتیان لەگەڵ دەقەکانی شەریعەتدانییە بەتایبەتی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی (الإصلاح الزراعی) و ئەو هەموار و رینمایی و بڕیارانەی دوای ئەو یاسایە دەرکراون سەبارەت بەم بابەتەو وەدوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لیژنەکەمان لەبەرواری ١١/ ١٠/ ٢٠١٧ گەیشتە نوسینەوەی ئەم کۆمەڵە فەتوایەی خوارەوە:

**یەکەم: ئایە زەوی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیری دەبێتە میرات؟**

یەکێك لەوبابەتانەی کەزۆر پرسیاری لەبارەوە دەکرێت ئەم بابەتەیە:

ئایە ئەگەر کەسێك مرد و گرێبەستی زەویەکی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیری بەناوەوەبوو ئەم گرێبەستەوەك میرات حیسابە و دابەش دەکریت یان ناوە ئەگەر میرات نییە چی لێبەسەردێت ؟

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی بالای فەتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

وەلآم:خودی زەویکشتوکاڵی ئەمیری (الأراضي الأميرية) ی بە میرات دانانرێت و ناچێتە خانەی میراتەوە، بەلآم مافی تایبەتمەندی (إختصاص)ومافی سوود لێوەرگرتنی (إنتفاع)[1]ئەو زەویە بەمیرات دەمێنێتەوە بۆ میراتگرەکانی ئەو مردووەی کە گرێبەستی کشتوکاڵی بەناوەوەیە چونکە وەك لە بەڵگەکاندا ڕونی دەکەینەوەمافی تایبەتمەندی (إختصاص) ومافی سوود لێوەرگرتنی (إنتفاع) دەبنە میرات و وەك میرات مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە گرێبەستەکە و مافی کەڵك وەرگرتن لەو زەویە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو میراتگران تا ئەو کاتەی ڕێك دەکەون لەسەر ئەوەی کەبەناوی یەکێکیانی بکەن، وە میراتگران دەتوانن لەبری تەنازولیان لە مافیتایبەتمەندی (إختصاص) ومافی سوود لێوەرگرتن (إنتفاع)بۆ ئەوکەسەی زەویەکەی بەناو دەکەن پارە وەربگرن، ئەمەش لە بەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە :

- **بەڵگەی ئەوەی کە خودی زەویەکە میرات نییە:**

١- میرات تایبەتە بەو موڵك وماڵەی مردوو لەدوای خۆی بەجێی دەهێڵێت وبە موڵکایەتی هی خۆی بووە، زەوی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیری ناچێتە ناو خانەی موڵك و ماڵی مردووەوە، چونکەزەوی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیری دەوڵەت خاوەنیەتی جوتیار تەنیا گرێبەستی بەکرێگرتنی ئەو زەویەی لەگەڵ دەوڵەتدا کردووە وساڵانە دەوڵەت ئەو گرێبەستەی لەگەڵ نوێ دەکاتەوە،هەر بۆیەش ناتوانن لەدوای کەسی مردوو زەویەکە دابەش بکەن.

٢- گرێبەستی زەوی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیری لەعیراقدا دەچێتە خانەی گرێبەستی بەکرێگرتن وبەکرێدانەوە(الإجارە) وەك لەسەرچاوە فیقهیەکاندا هاتووە: ئیمامی شافیعی دەفەموێ: **" من انتهت إليه قطعة من تلك الأراضي من آبائه وأجداده فليس للغير أن يقول: أنا أستغلها، وأعطي الخراج" فإنهم استحقوا منافعها بإجارة لازمة، عقدها أمير المؤمنين، والإجارة لا تنفسخ بموت المستأجر ولو أراد واحد منهم بيع رقبة الأرض، لم يصح" فإن رقاب تلك الأراضي محبسة" نهاية المطلب(٥٣٦/١٧).**

وە ئیمامی جوەینی دەفەرموێت:**" ولو أراد واحد منهم أن يكري تلك الأرض مدة معلومة بأجرة معلومة، صح. وإن أراد أن يكريها إكراء مؤبداً بمالٍ يَتفق عليه التراضي، ففي ذلك تردد من الأصحاب، والأصح المنع" نهاية المطلب(٥٣٦/١٧).**

وەئیمامی إصطخري دەفەرموێ:**"وقفها عمر (رضي الله عنه) على المسلمين فلا يجوز بيعها ولا شراؤها ولا هبتها ولا رهنها وإنما تنقل من يد إلى يد، وما يؤخذ من الخراج فهو أجرة عليه" المهذب للشيرازي(٣٣٣/٣)**

---

(١) مافی تایبەتمەندی (إختصاص) زاراوەیەکە زانایانی فیقهی ئیسلامی بەم شێوەیە باسی دەکەن: "الاختصاص هو حق في شيء، يختص مستحقه بالانتفاع به، ولا يملك أحد مزاحمته فيه" هەروەها هەر لە پیناسەکەیدا هاتووەالاختصاص هو: "ما يقبل التمول والتملك من الأعيان، إلا أنه لا يجوز لأحد أن يتملكه لإرصاده لجهة نفعها عام للمسلمين" .الموسوعة الفقهية الكويتية (٢٧٧/٣٩).
وە مافی سوود لێوەرگرتن (إنتفاع) زاراوەیەکە زانایانی فیقهی ئیسلامی بەم شێوەیە باسی دەکەن:
الانتفاع: هو حق المنتفع في استعمال العين واستغلالها ما دامت قائمة على حالها وإن لم تكن رقبتها مملوكة (مرشد الحيران المادة ١٣ ص ٥، والشرح الصغير ٣ / ٥٧٠، والدسوقي ٣ / ٤٣٣. الفروق للقرافي:١٨٧/ ١،الفرق ٣٠، و الموسوعة الفقهية الكويتية (٢٨/١٤).
وە زانایانی فیقهی ئیسلامی جیاوازیان خستوەتە نیوان مافی (إنتفاع) مافی (منفعة)ئیمامی قەرافی لەم بارەیەوە دەفەرموێ: "تمليك الانتفاع نريد به أن يباشر هو بنفسه فقط، وتمليك المنفعة هو أعم وأشمل، فيباشر بنفسه، ويُمكِّنُ غيره من الانتفاع بعوض كالإجارة، وبغير عوض كالعارية".بۆیە ئەو کەسەی گرێبەستی کشتوکالی بەناوەوەیە تەنها مافی(إنتفاع)ی هەیە نەك مافی (منفعة). الفروق للقرافي (١٨٧/١).


ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

هەروەها وەك لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵیدا هاتووە کە ئەو زەویانە بە بەکرێدان (الإجارة) لە بەر دەستی جوتیاراندان.

گرێبەستی ئیجارەش تەنها بریتیە لەسود وەرگرتن لە خودی ئەو شتەی بەکرێدراوە بۆیە بەم گرێبەستە بەکرێگر نابێتە خاوەنی زەویەکە، کەواتە زەویەکە نابێتە میرات و میراتگران ناتوانن دابەشی بکەن، هەرچەندە گرێبەستی بەکرێگرتنەکە دوای مردنی میراتلێگیراوەکەشیان بەردەوام دەبێت، وەك لە دواییدا باسی دەکەین.

■ بەڵگەی ئەوەی کە میراتگرەکان مافی تایبەتمەندی(إختصاص)وسوود لێوەرگرتن (إنتفاع) یان هەیە ئەمانەن:

١. لە گرێبەستی زەوی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیریدا –وەك پێشتر سەلماندمان– ئەو زەویانە بە گرێبەستی بەکرێگرتن (إجارە) لە دەوڵەت بە کرێ گیراون، وە گرێبەستی بەکرێگرتنیش لە لای جمهوری زانایان بە مردنی بەکرێدەر و بەکرێگر هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ مافی بەردەوامی دان بەو گرێبەستە دەڕوات بۆ میراتگرەکان.

شیخ ئیبن حەجەری هەیتەمی دەفەرموێت:"(ولا تنفسخ ) الإجاره بنوعيها (بموت العاقدين) أو أحدهما للزومها كالبيع فتترك العين بعد موت المؤجر عند المستأجر أو وارثه ليستوفي منها المنفعة[٢] وفي الذمة ما التزمه دين عليه فإن كان في التركة وفاء استؤجر منها وإلا تخير الوارث فإن وفى استحق الأجرة وإلا فللمستأجر الفسخ"(تحفه المحتاج ١٨٧/٦).

هەروەها لەیاسای چاکسازی کشتوکاڵیدا (الاصلاح الزراعي) ئاماژە کراوە بە هەڵنەوەشاندنەوەی گرێبەستی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیریداماف دراوە بەمیراتگرەکان بەبەردەوامیدان بەو گرێبەستە کشتوکاڵیەی کە میرات لێگیراوەکەیان لەگەڵ دەوڵەت کردویەتی، لەیاساکەدالە ماددەی (٢٦) بڕگەی (٢) هاتووە:" إذا توفي الموزع عليه وفق المادتين (١٨ و ١٩) من هذا القانون فعلى ورثته أو من يقوم مقامهم قانونا اخبار مديرية الاصلاح الزراعي في المحافظة بالوارث محترف الزراعة الذي يعتمدونه للتعامل مع الاصلاح الزراعي".

کەواتە میراتگران مافی تایبەتمەندی وسود بینینیان هەیە لەو زەویە کشتوکاڵیەی کە میرات لێگیراوەکەیان بەجێی هیشتووە چونکە ئەگەر ئەو مافانەیان نەبوایە دەبوایە لەیاساکەدا بوترێت: دوای مردنی ئەوکەسەی گرێبەستی کشتوکاڵی بەناوەوەیە زەویەکە بەتەواوی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت ومیراتگرەکانی مافی ئەوەیان نییەداوای تازەکردنەوەی ئەو گرێبەستە بکەن.

هەروەها لە بڕگەی سێی هەمان ماددەدا هاتووە :"إذا لم يكن بين الورثة محترف للزراعة ولم يكن بينهم قاصر يقوم الوصي مقامه يسترد الاصلاح الزراعي الارض بعد دفع قيمة المغروسات والأبنية فيها قائمة إلى ورثة الموزع عليه المتوفى النظاميين."

لەم بڕگەیەشدا یاساکە زۆر بەڕاشکاوی ئاماژە بۆ مافی میراتگرەکان بەدرێژەدان بەوگرێبەستەی کە هەبووە لەگەڵ مردوەکە دوپات دەکاتەوە. هەروەها چەندین بڕگەو ڕینمایی دیکە هەیە لەناو یاساو ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵدا کە ئەو مانایە دوپات دەکەنەوە.

---

([٢])مەبەست لێی مافی (انتفاع) نەك مەنفەعە چونکە وەك روونمانکردەوە جیاوازیان هەیە.

٢. مافی تایبەتمەندی(إختصاص) وسوود لیۆەرگرتن (إنتفاع)لەسەر ڕای جمهوری زانایان بەمیرات دەگوازرێتەوە بۆ میرات گرەکان چونکە زانایان بەم شیوەیە پیناسەی میرات دەکەن:

شیخی (دسوقی مالکی)دەفەرموی: "التركة حق يقبل التجزي يثبت لمستحق بعد موت من كان ذلك له"(حاشية الدسوقي على الشرح الكبير ٤/٤٥٧).

شیخی (ئیبن حەجەری هەیتەمی شافیعی)دەفەرموی:"التركة: ما يخلف من حق كخيار وحد قذف أو اختصاص أو مال" (تحفه المحتاج ٦/٣٨٢) هەروەها بڕوانە( نهايه المحتاج ٦/٤).

لە الموسوعه الفقهيه الكويتيه هاتووە:"التركة هي عند الجمهور: ما تركه الميت من أموال وحقوق".(الموسوعة الفقهية الكويتية٣/١٩)

هەروەها لەهەمان سەرچاوەدا هاتووە:" يرى جمهور الفقهاء أن المنافع تورث مثل بقية الأموال المملوكة".

ئەم ڕایەی جمهوری زانایان سەبارەت بە دانانی مافی تایبەت بوون (اختصاص) و سود وەرگرتن لەناو پێناسەی میرات لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە لایان وایە سودەکان (المنافع) وەك کاڵاکان ماڵن وەك ماڵ مامەڵیان لەگەڵدا دەکرێت.

ئیمامیشهاب الدینیزەنجانی:"معتقد الشافعي - رچی الله عنه- : أن منافع الأعيان بمنزلة الأعيان القائمة فی الماليه ... وهی أموال متقومه " فإنها خلقت لمصالح الآدمی ، وهی غير الآدمي" تخريج الفروع على الأصول ص (٢٢٥) . وە هەروەها بۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە: (بدائع الصنائع فی ترتيب الشرائع٢/٢٤)روچە الگالبين (٥/ ١٢) ، ومغنی المحتاج (٢/ ٢) ، وكشاف القناع (٣/١٤٠٠) ، وحاشيه الدسوقی (٣/ ٤٤٢) .

بەڵگەشیان ئەوەیە کە دروستە سودەکان بکرێن بە مارەیی خوای گەورە دەفەرموێ:(وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ)وەئیمامی بوخاری ریوایەت دەکات کە پێغەمبەری خواﷺژنی لە هاوەڵێك مارەکرد لەسەر ئەوەی ئەو قورئانەی کەلەبەریەتی فێری خیزانەکەی بکات.

هەروەها پێغەمبەر موسى (على نبينا وعليه الصلاه والسلام) مارەیی خیزانەکە مەنفەعەت و سودی هەشت ساڵ شوانی بوو بۆ پیغەمبەر شوعەیب خوای گەورە بۆمان باس دەکات (إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنْكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَى أَنْ تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ.. الآية)﴿القصص : ٢٧﴾کە هەرچەندە ئەمە شەریعەتی پێش خۆشمانە بەڵام هەروەك لە سەرچاوەکانی (أصول الفقه) دا ڕوون کراوەتەوە لە بەر ئەوەی لە شەریعەتی ئیمەدا بەڵگە لەسەر ڕەت کردنەوەی نییە کاری پێ دەکرێت.

وە ئاشکرایە کە مافی سود وەرگرتن لە زەوی کشتوکاڵی و مافی تایبەتبوونی سودی ئەو زەویانە جێگیرە بۆ ئەو کەسەی گریبەستەکەی لەگەڵ حکومەت ئەنجامداوە، چونکە وەك سەلماندمان کە ئەو گریبەستەگریبەستی بەکرێدان بووەوبە مردنیشی هەڵناوەشێتەوەوبەپێی گریبەستەکەش مافی سود بینین لە و زەویە هی خۆیەتی وتایبەتە بە ئەوەوەو ، بۆیە دیسان وەکو سەلمینرا کە مافی سود وەرگرتن و تایبەتمەندی وەك موڵکی جێگیرە و بەشێکە لە ماڵی مرۆڤ لای جمهوری زانایانکەواتە وەك میرات ئەو ماف و تایبەتمەندیە بۆ میراتگرەکان بەجیدەمێنێت و دەگوازرێتەوە.

ئەمە بێجگە لەوەی گرێبەستەکەش بە مردنی ئەو هەڵناوەشێتەوە و بەردەوامی دەبێت مافی تایبەت بوونی زەویەکە بەئەوانەوە هەر بەردەوامە بەبەڵگەی ئەوەی هەتا ئەوان هەبن دەوڵەت ئەو مافە نادات بەکەس .

وەفەرمودەکەی پێشەوا شافیعی (رحمه الله) زۆر ڕونە لەوەدا کە مافی میراتگران جێگیرە لەو زەویەی کە بەدەستی میراتلێگراوەکەیانەوەبووە کە کاتێ باسی زەوی عیراق دەکات دەفەرموێ"من انتهت إليه قطعة من تلك الأراضي من آبائه وأجداده، فليس للغير أن يقول: أنا أستغلها، وأعطي الخراج" فإنهم استحقوا منافعها بإجارة لازمة، عقدها أمير المؤمنين، والأجارة لا تنفسخ بموت المستأجر، ولو أراد واحد منهم بيع رقبة الأرض، لم يصح" فإن رقاب تلك الأراضي محبسة" نهاية المطلب(٥٣٦/١٧)

هەروەها پیشەوا ماوەردی لەهەمان مانا لەپیشەوا شافیعی نەقڵ دەکات دەفەرموی"الذي نص عليه الشافعي في سير الواقدي..إن عمر بعد وقفها أجرها للدهاقين والأكرة بالخراج الذي ضربه عليها يؤديه في كل سنة أجرة عن رقابها، فيكونوا أحق بالتصرف فيها لأصل الإجازة، وإن لم تكن ملكا لهم وإذا مات أحدهم انتقل إلى وارثه يداً لا ملكاً كالموروث، وبه قال أبو سعيد (الإصطخري)، وأكثر البصريين".(الحاوي الكبير:٢٥٥/١٤)

بۆیە لیژنەکەمان پێی وایە کە زەوی چاکسازی کشتوکاڵی ئەمیری خودی خۆی نابیە میرات بەلاّم وەك ڕونمانکردەوە مافی تایبەتبوون (إختصاص) وسود وەرگرتن (إنتفاع) لەو زەویانە دەبنە میراتێکی شەرعی چونکە ئەو جۆرە مافانە وەك موڵك و ماڵی بەرجەستەی (عینی) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەو پێیە میراتگرەکان مافی شەرعیان هەیە لەسود وەرگرتن لەو زەویانەتەنانەت ئەگەر میراتگرەکە ئافرەتیش بێت یان فەرمانبەر هەر ئەو مافەی هەیە .

بۆیە داوا لەهاولاتیانی بەریز دەکەین کەئەو مافە زەوت نەکەن لە میراتگرەکانیان و کاتێك کە کەسێکیان دەمرێت وزەوی کشتوکاڵی بەناوەوەیە تا ئەوکاتەی تەنازول بۆ یەکێکیان دەکەن بەشی هەموو میراتگرەکان لە سودەکەی بدەن و لەکاتی بەناوکردنیشی بەناوی یەکێك لە میراتگرەکان هەموو میراتگرەکانی دیکە ڕازی بکەن.

**دوەهەم: ئایا ئەو کەسەی فەرمانبەرە یان ئافرەتە مافی هەیە لەو زەویە چاکسازیە کشتوکاڵیە ئەمیریەی کە لە میرات لێگیراوەکەیەوە بەجی ماوە؟**

وەڵام: بەڵی مافیان هەیە چونکە وەك پێشتر بە بەڵگەی تەواوەوە ڕونمان کردەوە کەمافی سود لێوەرگرتن وتایبەتمەندی دەبێتە میرات،فەرمانبەر یان ئافرەتیش مادام میراتگری شەرعی بن بەشەرع کەس ناتوانێت ئەو مافەیان لێ زەوت بکات، وەك پێشەوا شافیعی دەفەر موێت:" **من انتهت إليه قطعة من تلك الأراضي من آبائه وأجداده فليس للغير أن يقول: أنا أستغلها، وأعطي الخراج" فإنهم استحقوا منافعها بإجارة لازمة، عقدها أمير المؤمنين، والإجارة لا تنفسخ بموت المستأجر " نهاية المطلب(٥٣٦/١٧).**

**سێهەم :میراتگرەکان دەتوانن بەرامبەر بە پارە تەنازول بۆ یەکێك لە میراتگرەکانیان بکەن؟**

وەلاّم : بەڵێ دروستە لە بەر ئەوەی وەك لە وەلاّمی پرسیاری ڕابدوودا سەلمێنرا کە میراتگرەکان مافی تایبەتبوون (إختصاص) وسود وەرگرتن (إنتفاع)یان هەیە بەو زەویە وە وبەمیرات هەژمار دەکرێت.


ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

زانایانییش فەتوایان داوە کە دروستە بەبەرامبەر پارە یان هەر شتێکی دیکە تـەنازول لـە مـاف وتایبەتمەندیـە شـەرعیەکانی خۆت بکەیت ودەستی لەسەر هەڵبگری.

شیخی شیروانی دەفەرمویّت:"يجوز بزل المال فى مقابله الاختصاص"(شيروانى على التحفـه: ٢٠/٧) هـەروەها بڕوانـە (نهايـة المحتاج وحاشية الرشيدي عليه: ٥٢/٦).

کەواتە ئەگەر هەر میراتگرێك دوای مردنی ئەو کەسەی گرێبەستەکەی بەناوەوەیە تەنازولی کرد بـە بەرامبـەر یـان بـێ بەرامبەر بۆ یەکێك لە میراتگران ئەو کاتە ئەو میراتگـرە هـیچ مـافێکی شـەرعی نـامێنی لـە سـود وەرگـرتن لـەو زەویـە کشتوکاڵیەدا.

**چوارهەم : کەواتەکە مافی تایبەتبوون (إختصاص) وسود وەرگرتن (إنتفاع)لەو زەویانە میراتە چۆن دابەش دەکرێت لە نێوان میراتگرەکاندا ؟**

وەڵام: لەو مافانەدا پیاوو ئـافرەت شـەریکن وەك شـەرع داینـاوە ئەومافـە دابـەش دەکریـت لـە نێوانیانـدا ونێرەکـان دووهێندەی مێیەکان هاوبەش دەبن وەك خوای گەورە دەفەرمویّ {يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ}، چونکە وەك سەلماندمان کەئەو جۆرە مافانە وەك موڵك و ماڵی بەرجەستەی (عینی) مردووەکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت .

وەئەو قسەیەی کە دەڵێن زەوی کشتوکاڵی وەك یەك لەنیوان نێر و مێدا دابەش دەکریـت بـێ بەڵگەیـەو پێچـەوانەی دەق و بەڵگە شرعیەکانە.

بۆیە زەویەکە دەفرسێنرێت بە پارەو پارەکەی دابەش دەکرێت وەك مـیرات وئـەو کەسـەی ئامـادەیی دەردەبڕیـت کـە ئەرزەکەی بەناو بکریّ دەبێت ئەو پارەیە بداتە میراتگرەکان و ئەوانیش لە فەرمانگەی تایبەتمەند تـەنازولی بـۆ بکـەن، یـان دەکرێت ئەو کەسە میراتگرەکان ڕازی بکات بەکەمتر لەمیراتی شایستەیان .

**پینجەم: ئایا کڕین و فرۆشتنی زەوی کشتوکاڵی دروستە؟**

وەڵام: نەخێر فرۆشتنی خودی زەوی کشتوکاڵی دروسـت نییـە، لەبـەر ئـەوەی فرۆشـیار خـاوەنی نیـە بۆیـە ناتوانێـت بیفرۆشێت ، بەڵام ئەگەر حکومەت تاپۆی کرد لەسەر بەکرێگر ئەوکاتە دروسـتە بـە مـەرجێك بەرژەوەنـدی گشـتی تێـدا ڕەچاو کردبێت .

وەهـەروەها فرۆشـتنی مـافی سـود وەرگـرتن (إنتفـاع)یشـی ناتوانێـت بفرۆشـێت لەبـەر ئـەوەی لەیاسـای چاکسـازی کشتوکاڵی(الإصلاح الزراعی)وەزارتی کشتوکاڵ و ڕێنمایی سەرۆکایەتی هەرێم بە ژمارە (٢٠٢) لەساڵی ٢٠٠٦ ڕێگـری کراوە لەم کارە لەبەر بەرژەوەندی گشتی و ڕێگری کردن لە گەندەڵی وتێکدانی ڕگەزی زەویەکان لەکشتووکاڵییەوە بـۆ شتی دیکەو بەهەدەردانی ئەو سامانە گشتییەی کە خەڵکی بە گشتی و نەوەکانی داهـاتووش تیایـدا شـەریکن،وە ئاشـکرایە پابەندبوون بەو یاسایانەی کەبەرژەوەندی گشتیان تیدایە واجبیکی شەرعییە.

ئیمامی نەوەوی دەفەرمویّ:"تجب طاعة الإمام في أمره ونهيه ما لم يخالف حكم الشرع" روضة الطالبين(٤٧/١٠).

شیخی ابن حجر دەفەرموێ: " نعم الذي يظهر أن ما أمر به مما ليس فيهمصلحةعامة لا يجب امتثاله إلا ظاهرا فقط بخلاف ما فيه ذلك يجب باطنا أيضا" تحفة المحتاج (٣/٧١).

لە حاشیەی شیروانی لە سەر تحفە المحتاج هاتووە:"(قوله: ما لم يخالف إلخ) هذا يفيد وجوب المباح إذا أمرّ به" لأنّه لا يخالف حكم الشرع ونقل سم على المنهج عن مرّ آخرا اشتراط أن يكون فيه مصلحة عامة"شيرواني على التحفة(٣/٧١).

خەتیبی شیربینی دەفەرموێ:" وتجب طاعة الإمام وإن كان جائرا فيما يجوز من أمره ونهيه لخبر اسمعوا وأطيعوا وإن أمر عليكم عبد حبشي مجدع الأطراف" الإقناع في حل ألفاظ أبي شجاع(٢/٥٥٠).

بەڵام بە ئاگاداری وەزارەتی کشتوکاڵ و لیژنە تایبەتەکانی وەزارەت دروستە دەست لە مافی تایبەتمەندی (إختصاص) ی خۆی هەڵبگرێت بەبێ بەرامبەر یا لە بەرامبەر پارە.

**لیژنەی باڵای فەتوا**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

هەولێر: ٥/ نیسانی/ ٢٠١٨ زاینی

١٩ / رجب / ١٤٣٩ کۆچی



ناونیشان: هەولێر – شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان – اربيل – الشارع الستيني – مقابل البرلمان
www.zanayan.org